# تاوەری بابل

پەیدابوون ١٠، ١١

لە وانەی ڕابردووماندا چیرۆکی پێغەمبەری خودا نوح مان تەواوکرد. بینیمان چۆن خودا بە لافاوێك نەوەکانی ئادەمی سڕیەوە لەسەر ڕووی زەوی لەبەر خراپەکارییان. بۆ سەد ساڵ خودا کاتی دا بەگوناهباران بۆ ئەوەی تۆبە بکەن کاتێ نوح خەریکی بنیاتنانی کەشتییەکە بوو کە دەبووە پەناگەیێك بۆ ئەوانەی باوەڕیان بەووشەی خودا هەبوو. بەڵام، جگە لە نوح و خێزانەکەی کەس پشتی لە گوناهی خۆی نەکرد و باوەڕیان بە پەیامەکەی پەروەردگار خودا نەهێنا. بۆیە، لە کۆتاییدا خودا، کە ڕاستودرووست و دڵسۆزە، بەڵێنەکەی خۆی هێنایە دی. خودا هەموو ئەوانەی لە دەرگای کەشتییەکە نەچوونە ژوورەوە سڕیەوە لەسەر ڕووی زەوی و ئەو چەن کەسەی چوونە ژوورەوە ڕزگار کرد.

ئێستاش بەردەوام دەبین لە سیپارەی پەیدابوون بەردەوام دەبین بۆ ئەوەی بزانین چی ڕووی دا لەو ماوەیەی پاش نوح. لە وانەکەمان دەربارەی نوح، زانیمان کە سێ کوڕی هەبوو، سام و حام و یافەت. نووسراوە پیرۆزەکان فێرمان دەکات کە هەموو خەڵکی جیهان لەو سێ کەسەوە هاتوون.

گەر دەتەوێ زانیارییەکانت زیاتر بکەیت سەبارەت بە ڕەچەڵەکی نەتەوەکان، دەتوانی بەشی دەیەم و یازدەهەمی یەکەم سیپارەی تەورات بخوێنیتەوە. بەڵام، لە وانەی ئەمڕۆماندا تەنها کاتی ئەوەمان هەیە باسی یەك شت بکەین سەبارەت بە مێژووی هەر سێ کوڕەکەی نوح، سام و حام و یافەت. ئەویش ئەمەیە: سام ئەو کەسە بوو کە خودا هەڵیبژارد بۆ ئەوەی ببێتە باپیرانی ڕزگاری دەرەکە کەوا دێتە ناو جیهانەوە. لەبەر ئەوەشە نووسراوە پیرۆزەکان بەووردی بە دوای چیرۆکی نەوەکانی سام دەکات. هەر لە بەرەی ئەوە کە هەر یەك لە پێغەمبەرانی خودا و ڕزگاری دەرەکە هاتوون.

بۆیە، هەموو خەڵکی جیهان لەهەر سێ کوڕەکانی نوح هاتوون. من و تۆ، هەموو خەڵکی عێراق، خەڵکی تورکیا و ئێران هەموو ئاسیا، لەگەڵ هەموو خەڵکی جیهان — هەموو ئەوانەی دەژیین نەوەی نوحین. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئێمە لە ژیانداین لەبەر ئەوەی نوح باوەڕی بە خودا هەبوو و کەشتییێکی درووست کرد بۆ ئەوەی خێزانەکەی ڕزگار بکات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی خێزانەکەی خۆی ڕزگار کرد لە لافاوەکە، من و تۆشی لە فەوتان ڕزگار کرد لەگەڵ خۆی.

خودا نوح و کوڕەکانی پیرۆز کرد و پێی فەرموون: (بەردار بن و زۆر بن و زەوی پڕ بکەن.) (پەیدابوون ٩: ١) لەبەر ئەوە سەدان ساڵ پاش لافاوەکە، بۆ جارێکی تر، چەندەها مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دەژین. دووبارە، جیهان دەستی کرد بە گەندەڵی لەبەر گوناه. تا ئێستا گوێمان لێ بووە کە نوح و کوڕەکانی بەگوناه باری لەدایك بووبون لەبەر ئەوەی نەوەی ئادەم بوون. کاتێ چوونە ناو کەشتییەکەوە سرووشتی گوناهبارییان کە لە ئادەمەوە بۆیان مابووەوە لەگەڵیان چووە ژوورەوە. کاتێ هاتنە دەرەوە لە کەشتییەکە، ڕەگی گوناه هێشتان لەناو دڵیان مابوو. لافاوەکە باری گوناهباری مرۆڤی نەگۆڕی. هەروەك پەندی پێشینان دەڵێت: (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێ) لەبەر ئەوە هەموو خەڵکی جیهان بەردەوام بە گوناهباری لەدایك دەبوون، لەبەر ئەوەی هەموویان لەبەرەی نوحن، و نوحیش لەبەرەی ئادەمە.

شتێکی ناخۆشە بەڵام ڕاستییە، ئەو چەن سەد ساڵەی پاش لافاوە گەورەکە، زۆربەی نەوەکانی نوح چی دی پەرۆشی خودا و ئیرادەی خودا نەبوون. باوەڕیان بە ووشەی خودا نەبوو وەك باپیرانیان شیت و خەنۆك و نوح. خودایان لەیاد کرد و سوپاسیان نەکرد لەبەر ئەوەی ژیان و هەناسە و ڕۆژهەڵاتن و باران و خواردنی پێیان بەخشیوە. سەبارەت بە پەلکەزێڕینەکەش کە خودا لە ئاسمان دایناوبوو بۆ ئەوەی دڵسۆزی خۆی بەبیریان بێنێتەوە، زۆربەیان تەنانەت نەیاندەزانی مانای چییە. بخوێنەوە ووشەی خودا چی ڕادەگەیێنی سەبارەت بەوان: چونکە کە خودایان ناسی، وەک خودا شکۆداریان نەکرد و سوپاسیان نەکرد، بەڵکو لە بیرکردنەوەیان پووچەڵ بوون

و دڵە گێلەکانیان تاریک بوو. هەرچەندە بە وتەی خۆیان دانان، بوونە گێل، ئەوانەی ڕاستی خودایان بە درۆ گۆڕییەوە و بەدیهێنراویان پەرست و خزمەتیان کرد، لە جیاتی بەدیهێنەر، ئەوەی تاهەتایە ستایش بۆ ئەوە. ئامین. (ڕۆما ١: ٢١، ٢٢، ٢٥)

وەك قابیل و نەوەکانی، زۆربەی نەوەکانی نوح ڕاستی ناشتنیان هەڵبژارد و بە دوای ناڕاستودرووستی کەوتن. ئاینیان هەبوو، بەڵام ئاینێکی سەختە بوو لەبەر ئەوەی ناگونجا لەگەڵ ڕێگای ڕاستودرووستی کە لەلایەن خوداوە دامەزرابوو. گوێیان لە ووشەی ڕاستی خودا نەگرت، بەڵکو گوێیان لە شەیتان دەگرت.

پیاوێك هەبوو ناوی نەمرود بوو لە نەوەی حام، کوڕی دووەمی نوح. نەمرود ڕاوچییێکی لێزان بوو کە نزیکەی پێنج سەد ساڵ لەپاش لافاوەکە دەژیا. ناوی نەمرود مانای یاخی بووە. نەمرود زۆر زیرەك بوو، بەڵام خودای نەدەناسی. ووشەی خودای پشت گوێ خست و بەدوای ڕێگای شەیتان کەوت، ڕێگای قابیل و هەموو ئەو کەسانەی نەوەی نوح. نەمرود چەن شارێکی گەورەی بنیادنا، و پلانی هەبوو شارێکی گەورە بنیاد بنا کە هەموو خەڵکی جیهان پێکەوە وەك یەك بژین.

با ئێستا لە بەشی یازدەهەم لە سیپارەی پەیدابوون بخوێنینەوە بۆ ئەوەی بزانین نووسراوە پیرۆزەکان چی دەفەرموێ سەبارەت بەو شارە گەورەیەی کە نەمرود و ئەوانەی لەگەڵی بوون پلانیان دانا بنیاتی بنەن. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: [١] جا هەموو جیهان یەک زمان و یەک جۆر قسەکردنیان بوو. [٢] ئینجا کاتێک بۆ ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد، دەشتاییەکیان لە خاکی شینعاردا دۆزیەوە و لەوێدا نیشتەجێ بوون. [٣] ئینجا بە یەکتریان وت: (وەرن، با خشت درووست بکەین و تەواو سووری بکەینەوە.) ئیتر لە جیاتی بەرد خشتیان بەکار هێنا، قیریش لە جیاتی قوڕ. [٤] هەروەها وتیان: (وەرن، با شارێک بۆ خۆمان دروست بکەین لەگەڵ تاوەرێک کە سەری لە ئاسمان بدات. ناوێکیش بۆ خۆمان دروست دەکەین، تاکو بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرت نەبین.) (پەیدابوون ١١)

بەم شێوەیە، دەبینین چۆن نەوەکانی ئادەم پلانی بنیادنانی شارێکی گەورە و تاوەرێکی بڵندیان هەبوو کە بگاتە ئاسمانەکان هەبوو. بۆچی ویستیان تاوەرێکی ئاوا بڵند بنیاد بینێن؟ نەمرود و ئەوانەی لەگەڵی بوون بەدوای شکۆداری کردنی خۆیان بوون لە جیهان. پلانیان وابوو خەڵکی جیهان خڕبکەنەوە لە یەك جێ، بۆ ئەوەی بەهێز بن و پەرت نەبن لەسەر زەوی. بەڵام، ئەوەی ئەوان پلانی درووستکردنیان هەبوو خودای دڵخۆش نەکرد. خودا بە نەوەکانی نوحی فەرموو بوو لەسەر ڕووی زەوی بڵاوببنەوە. خودا، ئەوەی مرۆڤی بەدیهێنا، دەیزانی چی باشە بۆ خەڵکی جیهان. بەڵام، زۆربەی نەوەکانی نوح هیچ بایەخیان بە بیرەکانی خودا نادا. پێیان وابوو ئەوان لە خودا زیرەکترن. وەك خودی شەیتان، دڵیان پڕ بوو لە شانازی و یاخی بوون دژ بە خودا. بەڵام نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: (ئەوەی خۆی بەرز بکات نزم دەکرێتەوە، ئەوەش خۆی نزم بکات بەرز دەکرێتەوە. پێی فەرموون: لەلای خەڵکی خۆتان بێ تاوان دەکەن، بەڵام خودا دڵتان دەناسێت. ئەوەی خەڵک بە پایەداری دادەنێت، لەبەردەم خودا قێزەوەنە.) (مەتا ٢٣: ١٢ لۆقا ١٦: ١٥)

خۆ شکۆدار کردن یان خۆ پایەدارکردن گوناهەیە بەرامبەر خودا، لەبەر ئەوەی تەنها یەك ناو هەیە شایەنی شکۆمەندی و ستایش بێت. ئەوەش ناوی پەروەردگار خودایە کە ئاسمان و زەوی بەدی هێناوە! وەك نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئەوەی شانازی دەکات، با شانازی بە خوداوەند بکات.) چونکە ئەوەی خۆی دەسەلمێنێت پەسەند نییە، بەڵکو ئەوەی خوداوەند دەیسەلمێنێت. (٢ کۆرنسۆس ١٠: ١٧–١٨)

هەرچۆنێك بێت، لە کاتی نەمرود، زۆربەی نەوەکانی ئادەم هیچ ڕێزێکیان بۆ پەروەردگار نەبوو. پێیان وابوو پێویستییان بە خودا ووشەی خودا نییە، و پێویستییان بە کەس نەبوو هیچ شتێکیان پێ بڵێ. خەسلەتی ڕووحی سەربەخۆیی و یاخی بوونیان تیادا بوو. تا ئەمڕۆش، هەمان هەڵوێست لە ناو دڵی نەوەکانی ئادەمدا هەیە. تەنانەت ئەو شتە لە منداڵان دەبینین کاتێ ڕك دەگرن و دەڵێن، (نا، وادەکەم!) ئەی ئەو شتە چەن لە پێگەیشتووان هەیە! هۆی ئەو هەموو ناکۆکییە چییە لەناو خێزان و نەتەوەکانی جیهان؟ ئایا بە هۆی ئەم ڕووحی سەربەخۆییە نییە کە پێی وایە: (دەتوانم ئاگام لەخۆم بێت. دابونەریتەکانی من باشترینە. ئاینەکەم باشە بۆم.

ڕێبازەکەی من تەواوە. نەتەوەکەی من بەرزترە. خێڵەکەی من زیرەکترن. ناوی من گرنگترین ناوە. شتەکانی من! ویستی من! ئیشی من! پارەی من! من! من! من!) مرۆڤ چەن خۆ پەرستە! هەموو کەسێك بۆ مەسلەحەتی خۆی ڕایدەکێشی. ئەو خەسلەتەی خۆپەرستی سەربەخۆیی هۆی ئەوەیە کە جیهان پڕە لە دەمەقاڵێ و شەڕ و جەنگ. بەڵام، خودا ڕقی لە خەسلەتی وایە، لەبەر ئەوەی تەنها ناوی ئەو شایەنی شکۆمەندییە. لەبەر ئەوە لە ووشەیدا دەفەرموێ: (من خوداوەندم، ئەمەیە ناوم و شکۆمەندی خۆم بە کەسی دیکە.) (ئیشایا ٤٢: ٨)

بەهەرحاڵ، ئەوانەی دەستیان کرد بە درووستکردنی تاوەرەکە بۆ ئەوەی بگەن بە ئاسمانەکان هیچ بایەخێکیان بە شکۆمەندی خودا نەدا. تەنها بەدوای شکۆمەندی خۆیاندا دەگەڕان. هیچ ئیشیان بە ناوی بەدیهێنەرەکەیان نەبوو. بێ گوومان، زۆر خەڵك لەو کاتە دیندار بوون، بەڵام ووشەی خودایان پشت گوێ خست. پێیان وابوو دەتوانن بگەن بە ئاسمان بە شێوازی خۆیان. بیری لێ بکەوە! تەنها پێنج سەد ساڵ لەپاش لافاوەکە، خەڵکی بۆ جارێکی تر بەکەیفی خۆیان دەکەن و پەروەردگار پشت گوێ دەخەن کە ژیان و هەناسەی پێیان بەخشیوە. وەك پیاوێك سەیارەکەی بشوات و پاشان بچێت لەناو قوڕ لێی بخوڕێ! (تەماشای ٢ پەترۆس ٢: ٢٢ بکە) مرۆڤ چەن دەبەنگ و خراپەکارە لەبەر ئەوەی دەیەوێ جودا لە خودا و ووشەی خودا بژێت!

باشە ئەی خودا چی کرد؟ ئایا پلانی خەڵکی پشت گوێ خست کە دەیانویست جودا لەو بژین؟ ئایا لەیاخی بووەکانی قبوڵ کرد؟ نەخێر، قبوڵی نەکرد! گوێ بگرە خودا چی کرد. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (پەیدابوون ١١) [5] ئینجا خوداوەند هاتە خوارەوە بۆ بینینی شارەکە و تاوەرەکە، کە ئادەمیزاد دروستی دەکرد. [6] خوداوەند فەرمووی: (ئەوەتا یەک گەل هەیە و یەک زمان هەیە بۆ هەموویان، ئەمەش سەرەتای دەستبەکارکردنیانە. ئێستاش هیچ شتێک لەلایان مەحاڵ نابێت، لەوەی مەبەستیانە بیکەن. [7] وەرن با بچینە خوارەوە و لەوێ زمانیان بشێوێنین، تاکو کەسیان لە زمانی ئەوی دیکەیان نەگات.) [8] ئینجا خوداوەند لەوێوە پەرتی کردن بەسەر هەموو زەویدا. ئیتر وازیان لە بنیادنانی شارەکە هێنا. [9] لەبەر ئەمە ناونرا (بابل)، چونکە لەوێدا خوداوەند زمانی هەموو زەوی شێواند. هەر لەوێشەوە خوداوەند بەسەر هەموو ڕووی زەویدا پەرتی کردن.


بەم شێوەیە، دەبینین چۆن خودا پلانەکانی نەمرود و ئەوانەی تری تێك دا کە دەیان ویست شارێکی گەورە بۆ شکۆمەندی خۆیان درووست بکەن. تا ئەو کاتە، هەموو خەڵکی جیهان یەك زمان قسەیان دەکرد. بەڵام لەم ڕۆژەدا، خودا زمانیانی شێواند بۆ ئەوەی چی دی لە یەك نەگەن. لەبیرتانە خودا فەرمانی بە نەوەکانی نوح دا فەرمووی (زەوی پڕکەنەوە)، بە جیهاندا بڵاوببنەوە. بەڵام نەمرود و شوێنکەوتووانی ویستیان بە کەیفی خۆیان بکەن و خەڵکی هەموو جیهان لەیەك شوێن کۆ بکەنەوە. خودا نیازەکانیانی بەزاند بەوەی زمانی نوێیانی پێ بەخشی. بەم شێوەیە بوو خودا پەرتیانی کردەوە بەسەر ڕووی زەوی. لەبەر ئەمەشە ئێستا سەدان گەل و هەزاران زمان هەیە لە جیهان.

بێ گوومان خودا ئیشێکی جوانی کرد بەتێکەڵ کردنی زمانەکانی جیهان. بیر بکەوە چەن زمان هەیە لە عێراق بەتەنها. ئای چەن مەزنە خودامان! کەس ناتوانێ دژ بە خودای باڵادەست بڕوات و سەرکەوێ. وەك پەندی پێشینان دەڵێت، (بەری ڕۆژ بەبێژنگ ناگیرێ!) مرۆڤ هەوڵی ئەو شتە دەدا بەڵام خودا بەسەر دەکەوێ. ناوی ئەو شارە دەزانی کە مرۆڤ هەوڵی درووستکردنی دا بەیاخیگیری بەرامبەر خودا؟ بەڵێ، ناوی ئەو شارە بابلە. بابل مانای سەر لێشێوانە. دوور لە خودا و ووشەی خودا ژیان تەنها سەر لێشێوانە! ئەمە چیرۆکی شاری بابل و ئەو کەسانەن کە هەوڵیان دا ناوی خۆیان بەرز ڕابگرن. ئایا ئێمەش بە خەڵکی بابل دەچین؟ ئایا ئێمەش ناوی خۆمان بەرز ڕادەگرین؟ خودا پێمان دەڵێت ئەوە گوناهە. خوێنەری ئازیز، تۆ بەدوای بەرز ڕاگرتنی ناوی کێی؟ ناوی خۆت یان ناوی پیاوێکی تر؟ یاخود ناوی بەرپرسێکی سیاسیت؟ یان تۆ بەدوای بەرز ڕاگرتنی ناوی خودای پەروەردگار و تەنها ئەو؟ بەدوای ستایشی کێ دەگەڕێی؟ ستایشی مرۆڤ یاخود ستایشی خودا؟ یەك شت کە هیچ گوومانی تیادا نییە. ئەو ستایشەی لەلایەن مرۆڤەوە بێت کۆتایی پێ دێت، بەڵام ئەو ستایشەی لەلایەن خوداوە بێت تاهەتا دەمینێتەوە. ووشەی خودا دەفەرموێ:

(هەموو مرۆڤێک وەک گژوگیا وایە و هەموو شکۆیەکەی وەک گوڵی دەشت وایە. گژوگیا وشک دەبێت و گوڵ هەڵدەوەرێ، بەڵام وشەی خوداوەند تاهەتایە دەمێنێ.) (١ پەترۆس ١: ٢٤)

ووشەکانی خودای پەروەردگارەوە دەزانی: (با دانا بە دانایی خۆی شانازی نەکات و پاڵەوان بە پاڵەوانێتی خۆی شانازی نەکات و دەوڵەمەند بە دەوڵەمەندی خۆی شانازی نەکات. بەڵکو شانازکار بەمە شانازی بکات، کە تێدەگات و من دەناسێت چونکە من خوداوەندم میهرەبانی و دادوەری و ڕاستودروستی لەسەر زەویدا دەکەم، چونکە خۆشی لەمانە دەبینم) (یرمیا ٩: ٢٣–٢٤)

لە وانەی داهاتوو، چاو خشانەوەێك بەوی تا ئێستا خوێندومانە دەکەین. خوداش بەرەکەتی خۆیتان بەسەردا بباریێنێ کاتێ ئەمەتان بەبیر دێتەوە: (ئەوەی خۆی دەسەلمێنێت پەسەند نییە، بەڵکو ئەوەی خوداوەند دەیسەلمێنێت.) (٢ کۆرنسۆس ١٠: ١٨)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی نمرود و ئەوانەی لەگەڵی بوون ویستیان تاوەرێکی ئاوا بڵند بنیاد بینێن؟

٢. هۆی ئەو هەموو ناکۆکییە چییە لەناو خێزان و نەتەوەکانی جیهان؟

٣. ئەی خودا چی کرد؟ ئایا پلانی خەڵکی پشت گوێ خست کە دەیانویست جودا لەو بژین؟ ئایا لەیاخی بووەکانی قبوڵ کرد؟

٤. ناوی ئەو شارە دەزانی کە مرۆڤ هەوڵی دروستکردنی دا بەیاخیگیری بەرامبەر خودا؟

٥. ئایا ئێمەش بە خەڵکی بابل دەچین؟ ئایا ئێمەش ناوی خۆمان بەرز ڕادەگرین؟

٦. تۆ بەدوای بەرز ڕاگرتنی ناوی کێی؟ ناوی خۆت یان ناوی پیاوێکی تر؟ یاخود ناوی بەرپرسێکی سیاسیت؟ یان تۆ بەدوای بەرز ڕاگرتنی ناوی خودای پەروەردگار و تەنها ئەو؟

٧. بەدوای ستایشی کێ دەگەڕێی؟ ستایشی مرۆڤ یاخود ستایشی خودا؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org